# له دووای وەفاتم کۆمەڵێک ڕوداو دێته پێش و ناڕەحەتی وستەم بڵاو دەبێتەوە وشتانێک ڕوودەدات کە لاتان خراپە وپەسەند کراو نیە، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمانی چیمان پێدەکەیت (واتە: ئەگەر گەیشتینە ئەو سەردەمە چی بکەین لەو حاڵەتەدا؟)، فەرمووی: «ئەو مافەی کە لە سەر ئێوەیە جێبەجێی دەکەن، وئەو مافەیشی کە دەبێت بۆ ئێوە جێبەجێ بکرێت لە خوای گەورە داوا بکەن

لە ئیبن مەسعودەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: لە دووای وەفاتم کۆمەڵێک ڕوداو دێته پێش و ناڕەحەتی وستەم بڵاو دەبێتەوە وشتانێک ڕوودەدات کە لاتان خراپە وپەسەند کراو نیە، ووترا: ئەی پێغەمبەری خودا، فەرمانی چیمان پێدەکەیت (واتە: ئەگەر گەیشتینە ئەو سەردەمە چی بکەین لەو حاڵەتەدا؟)، فەرمووی: «ئەو مافەی کە لە سەر ئێوەیە جێبەجێی دەکەن، وئەو مافەیشی کە دەبێت بۆ ئێوە جێبەجێ بکرێت لە خوای گەورە داوا بکەن».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- باسی ئەوەمان بۆ دەکات کە هەندێك کاربەدەست دەکرێن بە فەرمانڕەوای مسوڵمانان ؛ پارە وسامانی مسوڵمانان وشتە دونیاییەکان بۆ خۆیان دەبەن وبەشی مسوڵمانان نادەن، وبەو شێوەیەی بیانەوێت خەرجی دەکەن ومافی مسوڵمانان نادەن . وئەم کاربەدەستانە هەندێك شت دەکەن لە دیندا؛ کە نکۆڵی لێ کراوە ورێگە پێ نەدراوە هاوەڵان -ڕەزای خوایان لێبێت- پرسیاریان کرد: لەم حاڵەتەدا چی بکەن؟ پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- پێیانی فەرموو کە بێبەشکردنتان لە سامان ومافەکانتان نابێت ببێتە ڕێگر لەجێبەجێکردنی ئەوەی لەسەرتانە لە گوێڕایەڵی وپابەندبوون، بەڵکو ئارام بگرن وگوێڕایەڵ بن وململانێ مەکەن دژ بە کاربەدەستان، وداوای مافی خۆتان لە خوای گەورە بکەن، ونزا بکەن بۆئەوەی چاك بن وشەڕ وستەمیان لە ئێوە دوور بێـت.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3156